ئه ی کچه شۆخه که

کۆچت کردو

هاتی له هه واری دڵما

کۆچت خست

له کانیه سوورەکه ی دڵما

بوی به ماسی

له گه ڵ سووری خوێنما

سوور دەدەیت

کانیه سووره خه ماویه که

جێ ناهێلی

له شه وه ساردەکانه

له قۆڵای خوێنما

ئۆ قره دەگریت

خۆت گرمۆله دەکه یت و

هه ناسەی خۆشه ویستیم

هه ڵدەمژی

له گه ڵ هه ست و سۆزم

تێکه ڵ دەبیت

ئاخۆ.....نازانم .[1]

په یکه ری داتاشراوەکه ت

لە پەردەی کام زاوا
گەوز دەدات
کام لچی ژە هراوی
هەناسەی خۆشە ویستیت
هەڵدە مژێ
کام لچی ژە هراوی
لێوە سوورە کانت
ماچ دەکات
بە زۆرداری بە رووتا
هەڵدەشاخێ
ئەی کچە شۆخەکە
منی سووتاو بۆم ناکرێ
لە بیرت کەم
بۆم ناکرێ ئەو خەیالەی
لە تۆوە دێت بیسووتێنم
دڵم هەڵبکرۆزێنم
خوێن بچۆرێنم
هەموو شەوێ دەبیت
بە ئەستێرەو
لە چاوەکانما
ماچت دەکەم

دەبیت بە وێنە

لە ئاوێنە ی دڵم دەم تاسێنی

منیش لە و تاسە گە رمە دا

لە باوەشت دەگرم

ئە ی کچە شۆخە کە

ناتوانم یە ك بست چی یە

لە تۆ دوور بم

لە ئامێزی تۆ نە بێ

ئۆقرە ناگرم

خالید شە یدا

1989/ هانۆڤە ر...ئە لمانیە